https://doi.org/10.54809/jkss.vi6.273

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتییجەکانی «وتووێژی سوکراتیی و کێشە بنێرە»

## لەسەر رێزگرتن لە بەرامبەر و ئاڕاستە بەرەو وانەی گفتوگۆی ئەکادیمیی لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە

**م.بەهات عبدالرزاق سعید**
**بەشی دەروونزانیی- فاکەڵتی پەروەردە - زانکۆی کۆیە**
kawa.ali@koyauniversity.org

**پ. کاوە علی محمد**
**بەشی دەروونزانیی- فاکەڵتی پەروەردە - زانکۆی کۆیە**
Bahat.betushy@koyauniversity.org

**پوختە:**
ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە ئاشکراکردنی کاریگەریی ستراتیجێتییەکانی رێگای وتووێژی سوکراتیی و رێگای کێشە بنێرە لەسەر رێزگرتن لە بەرامبەر و ئاراستەی خوێندکاران بەرەو بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیی لە قۆناغی یەکەم فاکەڵتی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١ - ٢٠٢٢. میتۆدی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە میتۆدی ئەزموونییە بە پێی سرووشتی توێژینەوەکە.کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە خوێندکارانی زانکۆی کۆیە, نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە نموونە پشکنینێک لە خوێندکارانی بەشی جوگرافیا لە فاکەڵتی پەروەردە لە زانکۆی کۆیە کە ژمارەیان (٤٥) خوێندکاربوو, دوای ئەوەی کۆمەڵەی ئەزموونیی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو دیاریکرا و، هاوتاکردن لەچەند ئاستێك کرا بۆ گرووپەکان, بەشێوەیەك کۆمەڵەی ئەزموونی یەکەم بە رێگای سوکراتیی وانەیان پێ ئەوترایەوە و کۆمەڵەی ئەزموونی دووەم بە رێگای کێشە بنێرە وانەیان پێ ئەوترایەوە کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بە رێگای ئاسایی وانەی پێ ئەوترایەوە, توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی فۆرمی راپرسیی کە فۆرمی یەکەم بریتی بوو لە پێوانەی رێزگرتن لە بەرامبەر، هەروەها فۆرمی دووەم پێکهاتبوو لە پێوانەی ئاراستەی خوێندکاران بۆ بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیی، کە بەچەند هەنگاوێکی زانستیی ئامادەکران. دواتر دوای ئامادەکردنی فۆرمەکان و دەرهێنانی راستگۆیی بە پێی شارەزایان و پسپۆران و، دواتر دۆزینەوەی چەند جۆرێك لە جێگیریی بۆ هەردوو پێوانەکە, دوای گەرانەوەی فۆرمەکان و بەتاڵکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری توێژەر ئەنجامی توێژینەوەکەی خستەڕوو، کە رێگای وتووێژی سوکراتیی و رێگای کێشە بنێرە ئاستی بەڵگەداریی ئاماریان هەبوو لەسەر هەریەك لە پێوانەی رێزگرتن لەبەرامبەر و پێوانەی ئاراستەی خوێندکاران بەرەو بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیی. دواتر توێژەر کۆمەڵێك دەرەنجام و راسپاردە و چەند پێشنیارێکی خستەڕوو.

**کلیلە وشەکان:- رێگای سوکراتیی - رێگای کێشە بنێرە - رێزگرتن لەبەرامبەر - ئاراستە -خوێندکارانی زانکۆی کۆیە.**

Recieved: 24/4/2023
Accepted: 21/6/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

وانەوتنەوە چالاکیەکی بەردەوامە و ئامانجی وروژاندنی فێربوون، ئاسانکردنی بەجێهێنانیەتی، ڕەفتاری وانەوتنەوە کۆمەڵێک چالاکی و بڕیار لە خۆ دەگرێت کە بەکاردەهێنرێت لە ئەنجامدانی دۆخێکی پەروەردەیی فێرکاریدا, وانەوتنەوە سیستەمێکە لە کاری نەخشە بۆ دارێژراو، مەبەست لێی فێربوونی خوێندکارە لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی و گەشەکردنیانەوە، و ئەم سیستەمە کۆمەڵێک چالاکی ئامانجدار لە خۆدەگرێت(عزیز,٢٠١٤,١٥)، لە چوارچێوەی پەروەردەدا پرۆگرام و ناوەرۆکی پرۆگرام دەگەیەندرێت بە خوێندکار بەشێوەیەکی باش و بەڕێگایەکی وانەوتنەوەی دروست بۆ ڕێکخستنی هەنگاوەکانی کرداری فێرکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان پێویستە بەباشترین ڕێگاو شێواز ئامانجی وانەکە بەدەستبهێنرێت بۆیە پێویستە مامۆستا بتوانێت ڕێگایەکی وانەوتنەوەی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ گەیاندنی زانیارییەکان کە لەگەڵ قۆناغی خوێندن و ئامانجی دیاریکراو و ناوەرۆکی بابەت بگونجێت و هەنگاوەکانی ڕێگای وانەوتنەوەکە لەسەر بنەما و پرنسیپی لۆژیکی و سایکۆلۆژی ناوەرۆکی بابەتەکان بخاتەروو, واتە بەشێوەیەکی زنجیرەیی و سیستەماتیکی بیت هەروەها پێویستە ڕێگای بەکارهاتوو لە ڕوویەك گرنگی بە بەشداری خوێندکاران بدات و لە ڕوویەکی تر گرنگی بەلایەنی دەروونی خوێندکاران بدات.(حەمەدامین,٢٠١٤, ١٦). بەبۆچونی توێژەر گرنگیدان بە ڕێگاکانی وانەوتنەوە بەپرۆسەیەکی پێشکەوتووی پرۆسەی فێرکردندا دادەنرێت, یەکێکە لە هۆیەکانی بەردەوام بوون و بەرەوپێشچوونی زانست و ڕۆشنبیری و تازەگەری,بەکارهێنانی ڕێگاو شێوازی گونجاو کاریگەردەبێت لەسەر بیرکردنەوەی خوێندکارو بەرزکردنەوەی تواناو لێهاتوویی خوێندکارو زاڵبوونی بەسەر کێشەکانی دەوروبەری, گرنگیی جێبەجێکردنی ستراتیژەکانی وانەوتنەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان لەلایەن مامۆستایانەوە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت چونکە هەر ڕێگاو شێوازێك ڕۆڵی خۆی هەیە لە ئامادەکردنی خوێندکاران لەڕووی وەرگرتنی زانیاری و لێهاتوویی و ویژدانیەوە.(سعادة وجمال,١٩٨٨, ٤٤), لێرەدا گرنگی وانەوتنەوە بە ستراتیجیەتی وتوو ووێژی سوکراتیی دەردەکەوێت کە یارمەتی خوێندکار دەدات بۆ تێربوونی پیویستیەکانی و تێکەڵ بوونی لەگەڵ هاوپۆلەکانی و راهێنانی بۆ ڕێکخستنەوەی بیرکردنەوەکانی و هەڵبژاردنی گونجاوترین وەڵام بۆ دەربڕینی ,هەروەها لە ڕێگای ئەم گفتووگۆیەوە خوێندکار گەشە بە کارامەییی بیرکردنەوەی بەرز دەدات بۆ تێگەشتن لە پرسیارەکان و شیکردنەوە و هەلسەنگاندنی. (الحیلة,٢٠٠١, ٢).لەم سەردەمەی ئێستادا زۆربەی ستراتیجیەتەکانی فێرکردن چالاکن کە مامۆستا دەتوانێت بەکاریان بهێنێت ڕەنگە دەتوانیت کام ستراتیجیەتە گونجاوە لەگەڵ بابەتەکەی بەکاریبهێنێت یەکێك لەو ستراتیجیانەی کە خوێندکاران تێیدا چالاکن و لەگەڵ یەکتری گفتووگۆ دەکەن و بیروراکانیان دەگۆڕنەوە وهەوڵدەدەن کە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە بە وەڵامێکی زۆر زانستیی و گونجاوکە پەیوەندی بەبابەتەکەوە هەیەئەمیش ستراتیژیەتی کێشە بنێرەیە ,ئەم ستراتیجیەتەی کێشە بنێرە پرۆسەیەکە کە هانی خوێندکار دەدات بۆ بیرکردنەوە لە داهاتوو و بیرکردنەوەیەکی وردو شیکردنەوەیەکی ورد کە ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی خوێندکارو توانای چارەسەری کێشەکانی دەبێت. .(طوالبة,٢٠١٠, ١٥٤).

ئاراستە هاوچەرخەکان لە بواری پرۆسەی پەروەردە دا جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە خوێندکار بنەمای سەرەکییە لە پرۆسەی فێرکردندا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوا مەیدانی وانە وتنەوە جەخت لە سەر شێوازی کلاسیك دەکاتەوە و ڕۆڵی مامۆستا سەرەکییە ڕۆڵی خوێندکار پشتگوێ خراوە، بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیی زیاتر لە هەموو بابەتەکانی تر پێویستی بەوە هەیە کە گۆڕانکاری لە بیر و هزری خوێندکاردا ڕوو بدات و فێری چۆنیەتی گفتوگۆی زانستیی بکات و خوێندکار متمانەی بە خۆی هەبێت و بتوانێت تواناکانی بە کاربهێنێت بۆ فێربوون. (عواضة،

٢٠٠٨، ١١٨). توێـژەر هەسـتی بـەوە کـردووە کـە توانـای خوێنـدکار لـە مامەڵەکـردن و گفتوگۆکـردن لـە ئاسـتی زانکـۆدا نیـە و بـە لاوازی دەردەکەوێـت و خوێنـدکاران توانـای گفتووگۆکردنیـان نیـە لـە ناوپۆلـداو هەوڵـی بەشـداریکردن نـادەن, توێـژەر لەئاکامـی پرسـین و گفتووگۆکـردنی لەگـەڵ مامۆسـتایان و تایبـەت ئـەو مامۆسـتایانەی بابـەتی گفتووگـۆی ئەکادیمی دەڵێنـەوە تێبینیکـرد کـە خوێنـدکاران لەقۆناغـی یەکـەم بابـەتی گفتووگـۆی ئەکادیمیـی دەخوێنـن بۆیـە پێویسـتە کـە بتوانـن گفتووگـۆی زانسـتیی ئەنجـام بـدەن و بیرکردنەوەیـان فـراوان بیـت و تواناییـان بەرزبێـت ,توێـژەر تێبینـی کـرد کـە تێروانـین لـە بابـەتی گفتوگـۆی ئەکادیمیـی بـە بابەتێـکی لاوەکی لـە لایـەن بەشـێك لـە مامۆسـتایانەوە سـەیر دەکرێـت و بەشـێك لـە مامۆسـتایانی بابـەتی ناوبـراو گرنگیـەکی ئەوتـۆ بـە بابەتەکـە نـادەن وانەوتنـەوە لـەو بابەتـەدا بەشـێوەیەکی کلاسـیکەو مامۆسـتایان زۆر ناچنـە نـاو کـرۆکی لایـەنی زانسـتیی و کـرداری خوێنـدکاردا و تەنیـا گرنگـی بـە لایەنێـکی کەمـی ئـەم بابەتـە ئەدرێـت لەلایـەکی تـرەوە نەبـوونی پلانێـکی تۆکمـە بۆگشـت مامۆسـتایانی ئـەو بابەتـە دەڵێنـەوە و گرنگـی نـەدانی مامۆسـتاکان بەچالاکییـەکان و گفتووگـۆکان لەگـەڵ خوێندکاراندا.هـەر بۆیـە خوێنـدکاران وەك پێویسـت نەیانتوانیـوە سـوودمەندبن لـە بابەتەکـە و بـە بۆچـوونی توێـژەر ئەمـە بـۆ رۆڵـی مامۆسـتا دەگەرێتـەوە لـە بـە هەنـد وەرنەگرتنـی بابەتەکـە, توێـژەر پێـی وایـە کاتێـك ئەنجامـەکان دێتـەدی کـە ئەوانـەی فێـری خوێنـدکار دەکرێـت ببێـت بـە بەشـێك لـە ڕەفتـار و یارمەتیـدەر بێـت بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو بابەتانـەی کـە لـە ژیانی رۆژانـەی دوچـاری دەبێتـەوە. هــەر بۆیـە توێـژەر پێـی بـاش بـوو کـە چەنـد رێگەیـەك لەرێـگاکانی وانەوتنـەوە تاقیبکاتـەوە کـە ئەمانیـش رێـگای سـوکرات و رێـگای کێشـەکە بنێـرە بـوو بەمەبەسـتی زانینـی کاریگەرییـان لەسـەر رێزگرتـن لـە بەرامبـەر لای خوێنـدکاران و هەروەهـا زانینـی ئاراسـتەی خوێنـدکاران سـەبارەت بەبابـەتی گفتووگـۆی ئەکادیمیـی کـە یەکێکـە لەبابەتـە گرنگـەکان لەقۆناغـی یەکەمـدا لەزانکۆکانـدا دەخوێندرێـت کـە پێویسـتە خوێنـدکار هـەر لەسـەرەتای دەسـتپێکقۆناغی زانکۆیـدا فێـری گفتووگـۆی زانسـتیی ببێـت و بتوانێـت پەرەبـە تواناکانی بـدات و فێربببێـت کـە چـۆن رێزلـە بەرامبـەر بگرێـت و بـۆ چـوونی بەرامبـەر قبـووڵ بـکات و رەخنەبگرێـت بەشـێوەیەکی ئەکادیمیـی.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

گرنگیی توێژینەوەکە لەو چەند خاڵەی خوارەوە کورت بکەینەوە:-

ئـەم توێژینەوەیـە بـە درێژکـەرەوەی ئـەو توێژینەوانـە دادەنرێـت کـە سـتراتیجی سـوکراتیی و سـتراتیجی کێشـە بنێـرە جێبەجێیکـردووە لـە بـوارە جیاجیاکانـدا. ئەمـەش دەبێتـە سـوودمەندبون لـە شـێوازی گفتووگۆکـردن و کارکـردن بـە گـروپ لەپرۆسـەی خوێنـدنی زانکۆیـدا.

وانەوتنـەوەی بابـەتی گفتووگـۆی ئەکادیمیـی بەبەکارهێنـانی سـتراتیجیەکانی سـوکراتیی و کێشـە بنێـرە دوای ئەنجامـدانی توێژینەوەکـە لـە دەرکەوتنـی دەرەنجامـەکان لەوانەیـە وا لـە خوێنـدکاران بـکات کـە بەشـدرای بـکات لـە وانـەداو بیروبۆچونـەکانی خـۆی دەربـبرێـت کـە لای دروسـت بـووە

سـودی دەبێـت بـۆ مامۆسـتایان کـە بابـەتی گفوگـۆی ئەکادیمیـی دەڵێنـەوە لـە زانکـۆکانی کوردسـتان چونکـە گرنگـی بـە شـێوازی فێـر بـوون و راهێنانـی خوێنـدکار دەدات لـە سـەر چۆنیـەتی بیرکردنـەوە و رێزگرتـن لـە دەور و بـەر و کۆمەڵـگا و فێرکردنیـان بـۆ ڕوبـەرووو بوونـەوەی هـەر پێشـهاتێك کـە دێتـە پێشـیان.

دووەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئاشکراکردنی کاریگەری بەکارهێنانی رێگای وانەوتنەوەی (ستراتیجیەتی ووتوێژی سوکراتیی) بۆ وتنەوەی بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیی لەسەر رێزگرتن لە بەرامبەر لای خوێندکارانی گروپی ئەزموونی یەکەم و گروپی کۆنترۆڵکراو لە قۆناغی یەکەم لە زانکۆی کۆیە.

ئاشکراکردنی کاریگەری بەکارهێنانی رێگای وانەوتنەوەی (ستراتیجیەتی ووتوێژی سوکراتیی) بۆ وتنەوەی بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیی لە سەر ئاڕاستەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی یەکەم و گروپی کۆنترۆڵکراو قۆناغی یەکەم لە زانکۆی کۆیە.

ئاشکراکردنی کاریگەری بەکارهێنانی رێگای وانەوتنەوەی (ستراتیجیەتی کێشە بنێرە) بۆ وتنەوەی بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیی لە سەر رێزگرتن لە بەرامبەر لای خوێندکارانی گروپی ئەزموونی دووەم و گروپی کۆنترۆڵکراو لە قۆناغی یەکەم لە زانکۆی کۆیە.

ئاشکراکردنی کاریگەری بەکارهێنانی رێگای وانەوتنەوەی( ستراتیجیەتی کێشە بنێرە) بۆ وتنەوەی بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیی لە سەر ئاراستەی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی دووەم و گروپی کۆنترۆڵکراو لە قۆناغی یەکەم لە زانکۆی کۆیە.

سێیەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە: ئەم گریمانە (سفریە) بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی ئامانجی توێژینەوەکە.

هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥)بەدی ناکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزمونی یەکەم کە بە رێگای ستراتیجیەتی وتوێژی سوکراتی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە رێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی رێزگرتنی بەرامبەر.

هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥)بەدی ناکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزمونی کە بە رێگای ستراتیجیەتی وتوێژی سوکراتی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە رێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی ئاڕاستەیان لە بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیی.

هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥)بەدی ناکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزمونی دووەم کە بە رێگای ستراتیجیەتی کێشە بنێرە وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە رێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی رێزگرتنی بەرامبەر.

هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥)بەدی ناکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزمونی دووەم کە بە رێگای ستراتیجیەتی کێشە بنێرە وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە رێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی ئاڕاستەیان لە بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیی.

چوارەم: سنوری توێژینەوەکە

سنوری مرۆیی: خوێندکارانی قۆناغی یەکەم لە سەرجەم فاکەڵتی و بەشەکانی زانکۆی کۆیە دەوامی بیانیان دەگرێتەوە جگە لەبەشە پزیشکیەکان.

سنوری کات: وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (٢٠٢١_-٢٠٢٢).

سنوری شوێن: زانکۆی کۆیە.

پێنجەم: پیناسەی زاراوەکان

ستراتێژیەتی وتوو و وێژی سوکراتیی

پێناسەی (الصيفي، ٢٠١١): رێگەیەکی وانەوتنەوەیە کە پشت دەبەستێت بە ئیدارەدانی زارەکی لایەن مامۆستاوە لە ماوەی هەڵویستەکانی وانەوتنەوە، بە ئامانجی گەیشتن بە ئامارێك یاخود زانیاري نوێ یاخود بریتیە لەو رێگا وانەوتنەوەیەی کە لە سەر بنەمای ئاوێتەبونی گفتوگۆی نێوان مامۆستاو خوێندکار لە لایەك و لە نێوان خوێندکاران خویاندا لە لایەکی ترەوە بونیاد نراوە لە ژێر سەرپەرشتی مامۆستا. (الصيفي، ٢٠١١, ١١٥).

ستراتیژیەتی کێشە بنێرە (send a problem)

پیناسەی (الشمري ٢٠١١) : «بریتیە لەو ستراتیژیەتەی کە بەکاردیت بۆ هاندانی خوێندکاران بۆ گفتووگۆ لەنێوان خۆیان و چاوخشاندنەوە بە بابەتەکەیان و چارەسەری ئەو پرسیارەی کە پەیوەستە بەناواخنی زانیاری بابەتەکە.(الشمری،٩١،٢٠١١).

رێزگرتن لە بەرامبەر:Respect

پیناسەی١٩٨٢ oxford- ):رێزگرتن ئەوەیە کە «ڕێزێکی جیاواز بنوێنیت بۆ بەرامبەریان هەستکردن بە ڕێز یان پیشاندان بەرەو ڕووی کەسێک یان شتیك.(oxford,١٠,١٩٨٢).

ئاڕاستە : attitudes

پێناسەی جابر واخرون (٢٠٠٢): بارێکی ئامادەیی ژیریی و مێشکە کە لە رێگەی شارەزاییەوە رێکدەخرێت، وە کاریگەریەکی ئاراستەکراوی دەگرێتە بەر یان گۆراوێکی لە بەرامبەر وەلآمی تاك بۆ هەموو بابەتەکان و هەڵوێستە گرێدراوەکان بە بابەتەکە. (جابر واخرون,٢٠٠٢, ٣).

بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی:

پیناسەی توێژەران (محمد و کریم ,٢٠١٥): «بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیی یەکێکە لەخولەکانی زانکۆ بەمەبەستی پەرەپێدانی تواناکانی گفتوگۆی خوێندکاران لەسەر بنەمای زانستی و ڕەخنەیی دەنگ و هەروەها هاندانیان بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە زانستییەکان بۆ گەیشتن بەزانیارییەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی و بەکارهێنانی لەگەڵ پەیوەستبوون بە ڕەوشتی گفتوگۆی زانستیەوە بە تایبەتی ڕێزگرتن لە بۆچونی جیاواز و رای بەرامبەر (محمد و کریم, ٢٠١٥ ,٤)

## بەشی دووەم

### تیۆری توێژینەوەکە

وانەوتنەوە پیشەیەکی وردو ئالۆزە کە تیایدا لێهاتویی و کەسایەتی مامۆستا دەردەکەوێت بۆیە پێویستی بە زانیاری پسپۆری شارەزایی تەواو هەیە چونکە کۆمەڵێك ئامانجی پەروەردەی وانەوتنەوە هەیە کە دەبێت مامۆستا هەوڵی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بدات لەکاتی وانەوتنەوە و لەناو پۆلدا مامۆستا پێویستی بەکۆمەڵێك کارامەیی هەیە وەك کارامەیی پلاندانان و جێبەجێکردن و هەلسەنگاندن. لەگەل هەموو ئەمانەدا دەبێت مامۆستا بتوانێت کەشێکی پەروەردەی دروست بکات لەناو پۆلدا و لەرێگای کۆمەڵێك رەفتاری پەروەردەیدا بتوانێت متمانەو باوەربەخۆبوون و بنەمای رێزگرتن لەنێوان خۆی و خوێندکارانیدا دروست بکات. کەواتە رەفتاری پەروەردەی بریتیە لەوجوڵەو هەڵس و کەوتانەی کە مامۆستا ئەنجامی دەدات لەناوپۆلدا بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەل خوێندکارانیدا,کەواتە وانەوتنەوە بریتیە لەپرۆسەی کارلێك لە نێوان مامۆستاو

خوێندکاراندا لە ناوپۆلدا,(حەسەن,٢٠١٢, ٢٣).

ستراتیژیەتی وتووێژی سوکراتیی (SOCRATIC STRATEJ): ئەم ڕێگایە بە ڕێگای سوکراتیی ناسراوە لە سەر بنەمای ئاراستەکردنی پرسیار لە لایەن مامۆستاوە بۆ خوێندکار، بە مەبەستی ووروژاندنی بیری خوێندکار و بەئاگابوونی لە وانەکە بە واتایەکی تر مەبەستی سوکرات لە بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە دەرخستنی بێ ئاگایی بەرامبەرە لەو زانیاری و مەعریفە هەڵانەی کە هەڵگریەتی و بە ئاگاهێنانەوەیەتی لە ڕێگای پێدانی زانیاری دروست و ئاراستەکردنی پرسیار و تێڕامان لە سەر بابەتی گفتوگۆ و لە کۆتاییشدا گەیشتن بە وەڵامی ڕاست و نوێ , دەتوانین پێناسەیەکی ڕێگاکانی سوکراتیی بکەین کە بریتییە لە ڕێگایەکی وانەوتنەوە کە پشت دەبەستێت بە گفتوگۆی زارەکی لە نێوان مامۆستاو خوێندکاردا یاخود لە نێوان خوێندکاراندا بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵێك زانیاری لە سەر بابەتێك بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی ڕاست و گونجاو بۆ بابەتەکە. ڕێگای گفتوگۆیی بۆ یەکەم جار لە لایەن فەیلەسوفی یۆنانی سوکرات (٤٧٠-٣٩٩ پ.م.) بەکارهات، تاوەکو ئێستاش ئەم ڕێگایە بە گونجاو دەزانرێت ، سوکرات پرسیاری دەکرد و دەگەڕا بە دوای هەموو جۆرە ڕێگایەك، کە سوکرات هەر دەرفەتێکی بۆ دەڕەخسا گفتوگۆی لە سەر بابەت و کێشەکان دەکرد و پرسیاری لی دەکردن و وتوێژی لە گەل ئەنجام دەدان و گوێی لە وەڵامەکانیان دەگرت تا دەگەیشت بە ڕاستیەکان بە بێ بوونی گومان لە بابەتەکە. (جامل، ٢٠٠١، ١٣٣).

ستراتیژیەتی وتوو وێژی سوکراتیی بە سێ قۆناغ تێدەپەڕێت کە بریتین لە :

قۆناغی دڵنیایی: مەبەست لەم قۆناغەدا دەرخستنی زانیاری ناڕاستی بەرامبەرە لە بارەی ئەو باس و بابەتانەکە مەبەستیەتی و بە پێچەوانەی ئەو شتانەی پێشتر باوەڕی پێی هەەبووە, پێویستە ڕاو سەرنجی خوێندکارن بە هەند وەربگیرێت و ڕێز لە بۆچونەکانیان بگیرێت، تەنانەت ئەگەر راستیش نەبن بە شێوەیەکی پەروەردەییانە و زانستیانە وەلآم بدرێنەوە، بۆیە لە ڕاستیدا مامۆستا پێویستی بە خۆئامادەکردنێکی تەواو هەیە، کە خۆی دەبینێتەوە لە ئامادەکردنی مەعریفی و ڕەنوسی تا بە ڕۆلی ڕاستەقینەی خۆی هەڵبستێت.

قۆناغی گومان: لێرەدا پرسیارەکان ئاراستە دەکرێت و وەلآمیان دەدرێتەوە لە پێناوی باوەرهێنان بەو شتانەی کە پێشتر لەو باوەڕە بووە ڕاست نین یاخود بەشێکن لە ڕاستی,هەروەها تەکنیکێك کە لە سەر بنەمای ڕون و دیاریکراوە بە شێوەیەکی چالاکانە گفتوگۆی بەها و بە ئامانجدار ئەنجامبدرێت لە نێوان مامۆستاو خوێندکاران ، لێرەدا خوێندکاران شان بە شانی مامۆستا کە هاندەریەتی بۆ بەشداریکردن، بەشداریەکی کار دەکەن بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی ڕاست و دروست.

قۆناغی دڵنیایی پاش گومان: لەم قۆناغەدا گەڕان و لێکۆڵینەوە لە لایەن بەرامبەرەوە واتە خوێندکاران بابەتەکە دەست پێ دەکات لە پێناوی گەیشتن بە ڕاستی نوێ لە ڕێگەی بەڵگە و سەلماندنەوە لە بڕی ساویلکەیی و خۆش باوەڕی,خوێندکاران هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامی راسترین دەدەن لە ڕێگای سەرنج و تێبینییەکانیان سەبارەت بەناوەرۆکی بابەتەکە,لێرەدا راو و بۆچونی خوێندکاران وەردەگیرێت و خوێندکاران پێکەوە هەوڵی تێگەیشتن و شیتەڵکردنەوە و ڕاڤەکردن و تاوتوێکردنی بیرۆکەو بابەتەکان بدەن و بگەن بە چارەسەری گرفتەکان و وەڵامە ڕاستەکان.(زادە,١٩٥,٢٠١٠).

## هەنگاوەکانی ستراتیژیەتی وتوو وێژی سوکراتیی:

ئامادەکاری بۆ گفتوگۆکە :

مامۆستا بابەتی گفتووگۆ دیاریدەکات دواتر وانەکە دەست پێدەکات لەلایەن مامۆستاوە و دیاریکردنی پلان و ئامانجی وانەکە,هەتا مامۆستا جۆری دانیشتنی خوێندکارەکان دیاریدەکات,لێرەدا ئامادەکاری بۆ گفتوگۆ لە لایەن خوێندکارانەوە بۆ بابەتێکی گرنگ و بەستنەوەی بابەتەکە بە پێویستیەکانی خوێندکاران، کە مامۆستا بیرۆکەکە دەخاتە ڕوو بۆ گفتوگۆکردن و پرسیار ئاراستەی خوێندکاران دەکات بۆ ئەوەی گفتوگۆی لە سەر بکەن.

ئەنجامدانی گفتوگۆکە :

دوای ئەوەی مامۆستا بابەتەکە دەخاتە ڕوو بۆ گفتوگۆ بەماوەیەکی کەم ڕوونکردنەوەیەکی کورت لەسەر بابەتەکە و بیرۆکە سەرەکییەکە دەخاتەڕوو داوا لەگشت خوێندکاران دەکات بۆ بەشداریکردن، گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆ و چالاکانە دەست پێ دەکات و مامۆستا سەرپەرشتی گفتوگۆکە دەکات و بەرێوەی دەبات و بەر دەوام دەبێت بە گوێرەی وەلآمی خوێندکاران و پرسیاری زیاتر ئاراستەیان دەکات، لەم گفتوگۆیەدا پرسیارە سەرەکییەکە دەخرێتە ڕوو دواتر پرسیاری وردتر و شیکردنەوە بۆ پرسیارەکان دەکرێت کە هەنگاو بە هەنگاو خوێندکارەکان توانای خۆیان بۆ دۆزینەوەی وەلآمەکان بە کاردەهێنن تا گەیشتن بە وەلآمە ڕاستەکان.

## هەڵسەنگاندنی گفتوگۆکە:

لێرەدا مامۆستا هەر لە سەرەتای دەستپێکی گفتوگۆکەوە هەڵسەنگاندن بۆ گفتوگۆکە دەکات لە ڕێگای ڕاکێشانی سەرنجی خوێندکاران و گرنگیدانی خوێندکاران و بەشداریکردنیان بۆ گفتوگۆکە و گەیشتنیان بە وەلآمی دروست، ئەمەش وا دەکات کە خوێندکارەکە بابەتەکان فێر بێت و ڕاستیەکان بە دەست بهێنێت، لێرەدا دەبێت مامۆستاکە تێبینی ئەوە بکاتك کە کام خوێندکار زیاتر هەوڵیداوە و زیاتر زانیاری وردی خستۆتە ڕوو و کام لە خوێندکارەکان کەمترین بەشداری لە لە گفتوگۆکەدا هەبووە یان بەشداری نەکردووە بۆ ەوەی لە چالاکیەکانی داهاتودا سەرجەمیان بەشداري بکەن, هەروەها مامۆستا پێویستە دوای گفتووگۆکە سەرنج و تێبینی خۆی تایبەت بەبابەتەکە بخاتەڕوو بەمەبەستی پشت ڕاستکردنەوەی ڕاستییەکان و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و هەڵسەنگاندنی تەواوی کارەکە و رادەی دەستنیشانکردنی بەدیهێنانی ئامانجەکان.(جري واخرون، ٢٠١٨، ١٤٦).

ستراتیژیەتی کێشە بنێرە send a problem : لەسەردەمی نوێدا, ستراتیژیەتی فێربوونی چالاك زۆرن کە دەتوانری بەکاربهێنرێ لەلایەن مامۆستاوە لە وانەکاندا بەپێی گونجاوی لەگەڵ ئەو بابەتەی کە دەخوێنرێ لەوانەش ستراتیژیەتی کێشە بنێرە ئەم ستراتیژیەتە بریتیە لە بەکارهێنان و بەشداریکردنی خوێندکاران بۆ هاندان و وروژاندنی خوێندکاربۆ گفتوگۆ لەگەڵ یەکتری و بۆ پیداچونەوەی بابەت و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندی بە ناوەرۆکی زانەکی بابەتەکەوە هەیە, گرنگی ئەم ستراتیژیەتە لە وەدایە کە پاڵ بەخوێندکارانەوە دەنێت بۆ بیرکردنەوە لە داهاتوو و بیرکردنەوە بە ووردەکاری و شیکارییەوە , هەروەها ئەم ستراتیژیەتی کێشە بنێرە بریتیە لە شێوازێکی کارا بۆ گەشە سەندنی هزری خوێندکاران بە ووردی و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەتایبەتی ئەو کێشانەی کە وەڵامێکی گونجاو و جێگیریان نیە, گرنگی ئەم ستراتیژیەتە ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی پرۆسەی فێرکردنە و جەخت دەکاتەوە لەسەر سەربەخۆیی هزری و هەل دەبەخشێ بە خوێندکاران بۆ جەخت کردنەوەی خودی خۆیان, هەروەها گرنگی ئەم ستراتیژیەتە کەشێکی زیندوو لە پۆلدا دروست دەکات و گیانی دیموکراسی لە نێوان

خوێنـدکاران دروسـت دەکات.(فهروجـی,١٩,٢٠١٨).

هەنگاوە سەرەکییەکانی ستراتیژیەتی کێشە بنێرە کە پێویستە مامۆستا ئەنجامی بدات :-

هـەر خوێندکارێـک لـە گروپەکـەدا پرسیارەکە تایبـەت  بـە ناوەڕۆکـەوە لـە کارتەکـەدا دەنووسێت، پاشـان ئـەو پرسیارە لـە هـەر ئەندامێکـی گروپەکـە دەکات.

ئەندامانـی هـەر گرووپێـک ئـەو پرسیارانە تاوتـوێ دەکـەن کـە لـە کارتی تایبـەت بـە خۆیـان نووسـیویانە و دوای ئـەوەی لـە سـەر وەڵامـی پرسیارەکان کۆدەنگـی دەکـەن ئـەوا لـە پشـتی کارتەکـەوە وەڵامیـان دەنوسـنەوە.

گروپەکـە  وشـەیەك یـان پیتێـك بـە نوسـینێكی روون و دیـار لەسـەر کارتەکـە دەنوسـێت کـە دەلالـەت لـە سەر(پرسـیار) بـکات و لـە پشـتەوە (وەڵام)دەنوسـن.

هەر گروپێک کارتەکانی بۆ گروپێکی تر دەنێرێ.

کاتێـک کارتـەکان بەسـەر هەمـوو ئەندامانـی گروپەکـەدا دابـەش دەکرێـت یەکێکیـان پرسـیاری کارتەکـە دەخوێنێتـەوە و بەبـێ سـەیرکردنی وەڵامـی گروپەکـەی تـر، دوای ڕازیبـوون بـە وەڵامەکـە (پێکهاتـن لـە سـەر وەڵامێك) سـەیری وەڵامـی گروپـی پێشـوو لـە پشـت کارتەکـەوە دەکـەن، ئەگـەر وەڵامەکەیـان پەسـەند بێـت وەڵامـی کارتەکـە دەگوازنـەوە بـۆ دووەم کارت ,بـەڵام ئەگـەر ڕازی نەبـن بـە وەڵامـی ئـەو کارتـە (پەسـەند نەبـوو بـە لایانـەوە) وەڵامێکـی جێگـرەوە لـە کارتەکـەدا دەنوسـن

 ئـەم ڕێگایـە بەردەوامـە و کارتـەکان دەنێردرێـن بـۆ گروپـی دووەم و سـێیەم تـا دەگەڕێنـەوە بـۆ گرووپـی ڕەسـەن (گرووپـی یەکـەم) بـۆ گفتوگۆکـردن لەسـەر ئـەو شـتانەی کـە ڕویانـداوە یـان گـۆڕانی بـە سـەردا هاتـووە یـا لـە سـەری ڕێککەوتـوون )( Van Schalkwyk &D'Amato , ٢٠١٥ : ٩٠

ڕێزگرتـن : پێناسـەیەکی گشـتی بـۆ ڕێزگرتـن لـە لایـەن (Parse et al ,٢٠٠٦: ٥١) کـراوە کـە دەڵێـت , ئەنجامـدانی شـتێك بـە ڕێـزەوە یـان دانـانی ڕێـز بـۆ ئامادەبوونێـک. لەوانەیـە ئامادەبوونەکـە کەسـێک، ئاژەڵێـک، شـتێک، بیرۆکەیـەک، یـان بارودۆخێـک بێـت. ڕێزگرتـن بریتییـە لـە ڕەچاوکردنـی ئـەو شـتەی کـە شـایەنیەتی و سەرسـامی بـوون پێـی.

ڕێزگرتـن لـە نێـوان مرۆڤەکانـەوە لەلایـەن هۆبـان (Hoban (١٩٧٧, ٢٣٢)) وا شرۆڤـە کـراوە، کـە 'کرانەوەیـەک بەرامبـەر کەسـانی تـر، کـە ڕێزگرتـن بـۆ ئەوانـی دیکـە بەهـۆی ڕەوشـتی مرۆییـەوە' سـەیر دەکـرا. لـە لایـەکی تـرەوە هـەردوو توێـژەر «,Ramarjan and Barsade ,٤,٢٠٠٦, « دەڵێـن سـەرنج دەدەنـە ڕێزگرتـن لـە کەسانی دیکـە کـە لەسـەر بنەمـای ڕەوشـت و بنچینەیـی پرۆسـەیەکی بەرامبـەرە، هەروەهـا لـە درێـژەی باسـەکەیاندا ڕێزگرتـن بـە ‹پەسـەندکردن و ناسـینی خـود لـە لایـەن ئەوانـی دیکـەوە› دەزانن.واتـە ئـەو ڕێـزەی کـە هەسـتی پێدەکەیـن بـۆ کەسـانی تـر ئەنجامـان داوە، لـە ڕێگـەی ئـەو ڕێـزەی کـە هەسـتی پێدەکەیـن لـە ڕەفتـارەکانی خۆمـان نیشـانمان داوە، هەربۆیـە ڕێزگرتـن، وەک لەلایـەن توێژەرانـەوە دیاریکـراوە، کـە ئـەم تەوەرانـە بـە سـادەیی ئەنجـام دەدرێـت وەک 'ئێمـە چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ ئەوانـی دیکـە دەکەیـن وەک چـۆن حـەز دەکەیـن لـە لایـەن ئەوانـەوە مامەڵەمـان لەگەڵـدا بکرێـت.

ئاراسـتەکان :-  بابـەتی ئاراسـتەکان بـە یەکێـك لـە گرنگتریـن بابەتـەکان دادەنرێـت کـە بەهایـەکی زۆری لـە لایـەن زانایانی دەرونـزانی و کۆمەڵایـەتی پـێ دەدرێـت. ئـەم زانایانـە کۆمەڵـی ڕێچکـەی ڕاسـت و ڕەوانیـان گرتۆتـە بـەر بـۆ پێوانـە و هەڵێنجـانی ئاراسـتەکان. پێـوەری ئاراسـتە دەرونییـە کۆمەڵایەتییـەکان هۆکارێکی یارمەتیـدەرە بـۆ پێشـبینی بـە ڕەفتـار، هەروەهـا یارمەتیـدەرە لـە زانینـی ئـەو هۆکارانـەی کـە کاریگەریـان هەیـە بـە سـەر دەرکەوتنـی ئاراسـتە و پێکهاتـە و جێگیربـوونی پێشـکەوتنی دەربڕینـە لەسـەرخۆ و هێواشـەکان یاخـود خێـرا و لـە نـاکاوەکان. (الصمادي,٢٠٠٥, ٢٤٣).

لێکۆڵینـەوە لـە ئاراسـتەکان لـە زۆرێـک لـە توێژینـەوە دەروونییـەکان و لـە زۆرێـک لـە بـوارە کارپێکـراوەکان و بـوارە جۆراوجۆرەکانـی تـری ژیانـدا جێگەیەکـی بەرچـاوی داگیرکـردووە، چونکـە کرۆکـی کارکـردن لـەم بوارانەدا پشـتگیریکردنی ئاراسـتە ئاسـانکارەکانە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی کارکـردن تێیـدا، و لاوازکردنـی ئاراسـتە بەربەسـتەکان، بـەڵام چارەسـەری دەروونـی بـە یەکێـک لـە ماناکانـی هەوڵێکـە بـۆ گۆڕینـی هەڵوێسـتی تـاک بەرامبـەر بـە خـۆی، ئەوانـی دیکـە، یـان جیهانـی تایبـەت بـە خـۆی, کەڵەکەبوونـی ئاراسـتەکان لـە مێشـکی مرۆڤـدا و زیادبوونـی وابەسـتەیی پێیـان، ئـازادی کـرداری ئـەو سـنووردار دەکات و دەبێتـە شـێوازی ڕەفتـاری ڕۆتینـی و دووبـارە و پێشـبینیکراو، لـە لایەکـی دیکـەوە ڕێکوپێکـی لـە ڕەفتـار و سـەقامگیری لـە شـێوازەکانی ڕەفتـاردا دەکاتـە ئەگـەری هاتنـە دي و ئاسـانکاری بـۆ ژیانـی کۆمەڵایەتی,لێـرەوە لێکۆڵینـەوە لـە ئاراسـتەکان لـە مێشـکی مرۆڤـدا توخمێکـی سـەرەکییە لـە ڕوونکردنـەوەی ڕەفتـاری ئێسـتا و پێشـبینیکردنی ڕەفتـاری داهاتـووی تـاک و گروپەکـەش بـە هەمـان شـێوە هەڵوێسـتەکان ئـەو هۆکارانـە دەنوێنـن کـە کاریگەرییـان لەسـەر هەسـت و ئامادەکارییـە سـۆزدارییەکانی تـاک هەیـە، بـەو پێیـەی کـە ڕەفتارەکانـی بـە شـێوەیەکی دیاریکـراو لـەو ژینگەیـەدا ئاراسـتە دەکات کـە تێیـدا دەژی. (سـلطان,٢٠٠٣, ٩١)

پێکهاتـەی ئاراسـتە دەرونییـەکان :- سـەرەڕای کۆدەنگـی لـە سـەر چەمـکی ئاراسـتەکان، کۆدەنگـی لـە سـەر ئـەوەش هەیـە کـە ئاراسـتەکان بـە سروشـتی سـۆزداری ناوزەنـد دەکرێـن و ئەمـەش بـەشی هـەرە گرنـگ دەنوێنێـت، هـەر بۆیـە ئـەم کۆدەنگییـە تـا حەفتـاکان بـەردەوام بـووە، بـەڵام بـە پێشـکەوتنێکی نـوێ لـە چەمـکی ئاراسـتەکان و گۆڕانیـان لـە چەمکێـك کـە لـە سـەر یـەك بنەمـاوە (بنەمـای سـۆزداری) بـۆ سـێ چەمـك کـە: (پێکهاتـەی سـۆزداری، پێکهاتـەی زانـەکی (زانیـاری)، پێکهاتـەی ڕەفتـاری).

بەشی سێیەم: ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

ڕێبـازی توێژینەوەکـە: توێـژەر ڕێبـازی ئەزمـوونی لـە توێژینەوەکەیـدا بـە کارهێنـاوە، ئەمـەش بـە هـۆی گونجانی لـە گـەڵ ئامانجـی توێژینەوەکـە.

دارشـتنی ئەزمـوونی: مەبەسـت لـە داڕشـتنی ئەزمـوونی بریتیـە لـە بەرنامـەی کار بـۆ چۆنیـەتی جێبەجێکـردنی ئەزموونەکـە، چونکـە دروسـتی و کۆنترۆڵکـردنی ڕێکارەکانی ئەزموونەکـە مسـۆگەر دەکات.(کـشرود، ٢٠٠٧، ٢٧١),دیزاینـی توێژینەوەکـە لـە سـێ گروپـی هاوتـا پێـك دێـت کـە (دوو گروپـی ئەزمـوونی و گروپێـکی کۆنترۆڵکـراو)، گروپـی ئەزمـوونی یەکـەم گـۆڕاوی سـەربەخۆی لـە سـەر جێبەجـێ دەکرێـت بـە ڕێـگای وتوویـژی سـوکراتیی وانەیـان پـێ دەوترێتـەوە، بـەڵام گروپـی ئەزمـوونی دووەم گـۆڕاوی سـەربەخۆی لـە سـەر جێبەجـێ دەکرێـت کـە بـە ڕێـگای کێشـە بنێـرە وانەیـان پـێ دەوترێتـەوە، لـە کاتێکـدا گروپـی سـێیەم کۆنترۆڵکـراو بـە ڕێـگای ئاسایی وانەیـان پـێ دەوترێتـەوە، هـەر سـێ گروپەکـەش پێوانـەی پێشـینە و پاشـینەیان بـۆ دەکرێـت لـە گـۆڕاوە پاشـکۆکان کـە بریتـین لـە ( بیرکردنـەوەی زانسـتیی و ڕێزگرتـن لـە بەرامبـەرو ئاڕاسـتەیان بـۆ بابـەتی گفتوگـۆی ئەکادیمیـی هـەروەك لـە خشـتەی ژمـارە (١) ڕوونکراوەتـەوە

خشتەی ژمارە(١) دیزاینی ئەزمونی توێژینەوەکە

| گروپەکان | پێوانەکردنی پێشینە | گۆڕاوی سەربەخۆ | پێوانەکردنی پاشینە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی یەکەم ١٥ | ڕێزگرتن لە بەرامبەر ئاراستە | ڕێگای وانەوتنەوەی ووتوێژی سوکراتیی | ڕێزگرتن لە بەرامبەر ئاراستە |
| ئەزموونی دووەم ١٥ | ڕێزگرتن لە بەرامبەر ئاراستە | ڕێگای وانەوتنەوەی کێشە بنێرە | ڕێزگرتن لە بەرامبەر ئاراستە |
| کۆنترۆڵکراو ١٥ | ڕێزگرتن لە بەرامبەر ئاراستە | ڕێگای وانەوتنەوەی ئاسایی باو | ڕێزگرتن لە بەرامبەر ئاراستە |

کۆمەڵگای توێژینەوەکە. Population of the Research

لە توێژینەوە پەروەردەییەکاندا دیاریکردنی کۆمەڵگای توێژینەوە کارێکی گرنگە، چونکە هەنگاوی یەکەمە لە هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەدا.

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەموو خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی زانکۆی کۆیە، کە پێك دێت لە (١٦٥٠) خوێندکاری کوڕ و کچی زانکۆی کۆیە کە لە (٦) فاکەلتی لە چوارچێوەی (٢٨) بەشی جیاواز بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١- ٢٠٢٢).

نمونەی توێژینەوەکە Sample of the Research .

نمونەی توێژینەوەکە بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی کە لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی بەشی جوگرافیای لە فاکەلتی پەروەردە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١- ٢٠٢٢)ی بە شێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژارد لە بەر ئەم هۆکارنەی خوارەوە:

کاتی وانەکە گونجاو بوو لە گەڵ ئەو ڕێگایانەی کە توێژەر وانەی پێدەگۆتەوە کە دەکاتە (٥٠) خولەك.

گونجانی بینای بەشی جوگرافیا و هەبوونی هۆڵی خوێندن کە بە شێوازی تایبەت و مێزی تایبەت بۆ دانیشتنی خوێندکاران ئامادەکراوە، کە لە بنچینەدا بۆ تاقیگەی سیستەمی زانیاریە جوگرافییەکان (GIS) ئامادەکراوە، کە بۆ جێبە جێکردنی شێوازی وانە وتنەوەکە و لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە زۆر گونجاو بوو لە ڕووی هۆکار و ئامرا ز دابینکردنی شوێنی گونجاوی هۆڵەکە.

ئامادەیي سەرۆك بەش و مامۆستاکانی بەشەکە بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لە گەڵ توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

نمونەی توێژینەوەکە لە خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی بەشی جوگرافیا بوو، کە پێکهاتبوون لە (٤٩) خوێندکار, توێژەر سێ کۆمەڵەی هەڵبژارد و دیاریکرد کە بریتی بوون لە ( کۆمەڵەی گروپی ئەزموونی یەکەم کە بە ڕێگای وانەوتنەوەی وتووێژی سوکراتیی بوو، هەروەها گروپی ئەزموونی دووەم کەبە ڕێگای وانەوتنەوەی کێشە بنێرە بوو و گروپی کۆنترۆڵکراوی سێیەم کە بە ڕێگای ئاسایی بوو، کە هەر کۆمەڵەیەك لە (١٥) خوێندکار پێکهاتبوون.

بەجێهێنانی هاوتاکردنی گروپەکانی توێژینەوەکە:Equivalent of the Groups

بە مەبەستی تێبینیکردن و ووردبونەوە لە هاوتای نێوان تاکەکانی هەرسێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە بەر لە جێ بەجێکردنی ئەزموونەکەو سەرەڕای ئەوەی کە دابەشکردنی خوێندکارانی نمونەی توێژینەوەکە لە سەر هەرسێ گروپەکە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) جۆرێك لە هاوسەنگی نێوانیان بە دەستەوە دەدات. بەڵام توێژەر ویستی هاوتاکردن لە نێوانیان بکات لە هەندێك لە گۆڕاوەکان کە لەوانەیە کارتێکردنیان هەبێت بە سەر گۆڕاوە پشت بەستەکان و لە ئەنجامدا کاردەکەنە سەر ووردی ئەنجامەکان، کە گۆڕاوەکانیش ئەمانەن:

تەمەنی خوێندکاران بە ساڵ.

ئاستی بڕوانامەی ئەکادیمیی باوان (دایك وباوك) خوێندکارەکان.

کۆنمری گشتی خوێندکارەکە لە پۆلی دوازدەی ئامادەیی.

ئاستی زیرەکی خوێندکاران.

توێژەر هەوڵی داوە ئەو فاکتەرانە کۆنترۆڵ بکات کە کار لە ڕاستی و دروستی دەرەکی توێژینەوەکە دەکەن بەم شێوەیەی خوارەوە:

کارلێکی کاریگەری گۆراوی سەربەخۆ لە گەڵ لایەنگیری تاقیکردنەوەکە، توانرا کۆنترۆڵی ئەم هۆکارە بکرێت ,سەرەڕای هاوتاکردنی خوێندکاران لە کۆمەڵێك گۆڕاو لە نێوان هەر سێ کۆمەڵەکەدا.

کاریگەری کردارەکانی توێژینەوەکە (Experimental Procedures Research Confidentiality ): بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئەم گۆڕاوە توێژەر لە گەڵ سەرۆك بەشی جوگرافیا و مامۆستای بابەت ڕێکەوتن کە خوێندکاران ئاگادارنەکەنەوە کە ئەم کارە ئەزموونیە و بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستییە، بۆیە توێژەرهەر لەیەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی ئەزمونی تاکو کۆتا ڕۆژی ئەزمونی توێژینەوەکە خۆی ئەنجامیدا بۆ ئەوەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی سروشتی بڕوات و بگات بە ئەنجامێکی ورد.

باڵەخانەی بینایی بەشی جوگرافیا (Building school):توێژینەوەکە لە هۆڵی تاقیگەی تایبەت بە سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان (GIS) لە بەشی جوگرافیا ئەنجامدرا چونکە هۆڵەکە زۆر گونجاوو بوو لە ڕووی دابینکردنی پێویستیەکان و شوێەکە، کە هەرسێ کۆمەڵی توێژینەوەکە، توێژینەوەکەیان لە سەر ئەنجامدرا، هۆلەکەیان تایبەت بوو بە سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان (GIS) و هەروەها یەکسان بوو و لە یەکچوو بوو لە ڕووی درێژی و پانی و ساردی و گەرمی و ڕۆناکی و ژمارەی دەرگا و پەنجەرە.

بابەتی زانستیی (Subject Matter): ئەو بابەتانەی کە دانراون بۆ توێژینەوەکە هەمان ئەو بابەتانەیە کە هەرسێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە دەیخوێنن. واتە بابەتەکانی خوێندن بۆ هەر سێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە وەك یەك بوون واتە هەمان بابەت، کە ئەویش پێك هاتبوو لە (١٨) بابەت، کە لە کۆرس بووك جێگیر کرا، دوای ئەوەی لە لایەن کۆمەڵێك لە شارەزایان بڕیاری لێ درا کە بخوێندرێت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢).

پرۆسەی وانە وتنەوە (Teaching Process): بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئەم پرۆسەی وانەوتنەوەیە توێژەر خۆی وانەی بە هەرسێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە وتەوە، واتە توێژەر هەستا بە وتنەوەی هەرسێ کۆمەڵەی ئەزموونی یەکەم و ئەزموونی دووەم و کۆنترۆڵکراو، کە هەریەکەیان بە ڕێگای جیاواز کە کۆمەڵەی یەکەم وانەوتنەوە بە ڕێگای سوکراتیی بوو، کۆمەڵەی دەووەم وانەوتنەوە بە ڕێگای کێشە بنێرە بوو کۆمەڵەی سێیەم وانەوتنەوە بە ڕێگای ئاسایی بوو.

دابەشکردنی بەشە وانەکان (Lessons Distribution): توانرا دەست بە سەر ئەم هۆکارە دابگیرێت لە کاتی

دابەشکردنی بە یەکسانی بەشە وانەکان لە نێوان هەرسێ کۆمەڵەدا، توێژەر ڕێکەوت لە گەڵ سەرۆکی بەشی جوگرافیا لە سەر میکانیزمی ڕێکخستن و دابەشکردنی بەشە وانەکان لە هەفتەیەکدا کە تایبەت بووە بە بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیی بۆ هەرسێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە. بەشەوانەکان دابەشببون بەسەر (٣) ڕۆژدا لە هەفتەیەکدا کە بریتیبوون لە ڕۆژانی (یەك شەمە – دووشەمە – سێ شەمە) بۆ هەر سێ کۆمەڵەدا بۆ هەر ڕۆژێك (٣) وانە دەخوێندرا بۆهەر وانەیەك پێکهاتبوو لە (٦٠) خولەك.

ماوەی ئەزموونی توێژینەوەکە (Experimental Period ).

ماوەی ئەزموونی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی یەکسان بووە بۆ هەرسێ کۆمەڵی توێژینەوەکە، بۆیە توێژینەوەکە لە ڕێکەوتی ( ٢٩/ ١١ / ٢٠٢١) دەستی پێکرد و لە ڕێکەوتی ( ٢٠ / ١ / ٢٠٢٢) کۆتایی هات.

کاری تاقیکردنەوەی پێشەکی: توێژەر ئەم گۆڕاوەی کۆنترۆڵکرد بە جێ بە جێکردنی پێوەری بیرکردنەوەی زانستیی و ئاراستەی خوێندکاران سەبارەت بە وانەی گفتوگۆی ئەکادیمیی و ڕێزگرتن لە بەرامبەر بە جۆرێك جێ بە جێکرا لە سەر هەرسێ گروپی توێژینەوەکە، لە سەرەتای دەستپێکردنی توێژینەوەکەدا دووبارەکردنەوەی هەمان پێوەر لە سەر هەمان کۆمەڵە لە کۆتایی ماوەی توێژینەوەکە.

## پێداویستیەکانی ئەزموونەکە (Research Requirements).

.دیاریکردنی بابەتی خوێندن:- توێژەر پشتی بەست بە بابەتەکانی کۆرس بووکی مامۆستای بابەت و دواتر ڕێکخستنەوەی بۆ بابەتەکان کرد کە لە کۆمەڵێك بابەتی گشتی پێکهاتبوو.

دیاریکردنی بەشەوانە:-توێژەر بە پێی خشتەی وانەکانی بەش و ڕێکەوتن لە گەڵ بەشی جوگرافیا، بەشەوانەکانی هەرسێ کۆمەڵەکەی ڕێکخست بۆ ئەوەی لە یەك ڕۆژدا وانە لە هەرسێ کۆمەڵە بخوێندرێت بە جۆرێك کە بۆ هەر هەفتەیەك سێ وانە هەبوو کە بۆ هەریەك لە کۆمەڵەکانی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو ماوەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە شەش هەفتە، کە بۆ هەر یەکێك لە کۆمەڵەکانی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو (١٨) وانە خوێندرا

ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە.(Planning Instruction Preparation): مەبەست لە پلانی وانە وتنەوە بۆ هێنانەدی ئامانجی فێرکارییە، پێشبینییەکی لەمەوپێشە بۆ هەڵویستی فێرکاری کە مامۆستا دایدەنێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە فێرکارییەکان (نیهان، ٢٠٠٨، ٧٩).

ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە بە یەکێك لە پێداویستییەکانی وانەوتنەوەی سەرکەوتوو دادەنرێت بۆیە توێژەر هەستا بە دانانی پلانی وانەوتنەوە بۆ هەرسێ کۆمەڵەکە کە توانی (١٨) پلانی وانەوتنەوە بۆ هەروانەیەك لە بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیی ئامادەکرد، کە لە ئەزموونەکەدا (١٨) پلانی بە شێوازی ڕێگای سوکراتیی بوو بۆ خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی یەکەم و (١٨) پلانی بە شێوازی ڕێگای کێشە بنێرە بوو بۆ خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی دووەم و (١٨) پلانی بە شێوازی ڕێگای ئاسایی بوو بۆ خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، توێژەر نمونەی پلانەکانی خستە بەردەم کۆمەڵێك شارەزا و پسپۆر لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا بە مەبەستی وەرگرتنی ڕاوبۆچون و سەرنج و پێشنیارەکانیان بە مەبەستی باشتر دارشتنەوەی پلانەکە بە جۆرێك ڕاست و دروست بێت و بابەتی بێت، توێژەر هەموارکردنی پێویستی ئەنجامدا و پلانەکەی ئامادە و جێ بە جێکرد.

پێوانەی ڕێزگرتن لە بەرامبەر Respecting others

لە بەر نەبوونی پێوانەیەکی گونجاو بە زمانی کوردی توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پێوانەیەك بە گۆڕاوی (ڕێزگرتن

لە بەرامبەر) بۆ ئەم مەبەستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجامدرا.

ئەنجامدانی راپرسیی کراوە:- توێژەر لە ڕێکەوتی (١٧، ١٨، ١٩-٥ -٢٠٢١) ڕاپرسیەکی کراوەی ئەنجامدا بۆ (٦٠) خوێندکاری قۆناغی یەکەم, بۆیە ئەو خوێندکارانەی هەڵبژارد چونکە لە قۆناغی یەکەمی زانکۆییدان و ئەم بابەتی گفتووگۆی ئەکادیمیان لە کۆرسی یەکەمی خوێندن خوێندوە. پرسیارەکە بریتی بوو لە (بە ڕای بەڕێزت وەك خوێندکارێك چۆن ڕێز لە بەرامبەر دەگری لە ناو پۆلدا، نیشانەکانی ڕێزگرتن لە بەرامبەر چین) دوای کۆکردنەوەی ڕاپرسیەکە توێژەر توانی (٣٤) برگە ئامادە بکات

دیاریکردنی راستگۆیی ڕواڵەت Face Validity :- مەبەست لەڕاستی ڕواڵەتی ئامرازی توێژینەوە,دەبێت تاقیکردنەوەکە ڕاستگۆبێت لە پێوانەکردنی ئەوەی لە پێناویدا دانراوە. (دەروێش، ٢٠١٨، ٧٤).

بۆ دیاریکردنی راستگۆیی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پەروەردە و دەرونزانی ، داوایان لێکرا ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە گونجاوی برگەکان و بژاردەکان دەرببڕن و هەر گۆڕانکارییەك پێیان باشە پێشنیاری بکەن، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان بە پێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو برگانە مانەوە کە ڕێژەی ڕێکەوتن لە سەر مانەوەیان (٩٥٪) یان زیاتر بوو بەم شێوەیە لە کۆی گشتی (٣٤) برگە تەنها(٣٠) برگە مایەوە کە بریتیبوون لە برگەکانی (١ – ٢ – ٣ – ٤ – ٦ – ٨ – ٩ – ١٠ – ١١ – ١٢ – ١٣ – ١٤ – ١٦ - ١٨ – ١٩ – ٢٠ – ٢٢ – ٢٣ – ٢٤ – ٢٧ – ٢٨ – ٢٩ – ٣٠)، کە (٤) برگە لادران کە بریتیبوون لە برگەکانی (٥، ٧، ١٧، ٢٥) هەروەها گۆڕانکاری دارشتن لە چەند برگەیەك کرا وەك برگەی (١٦، ٢٣، ٢٦) برگەکانی تر وەك خۆیان مانەوە، بەم جۆرەش کۆی برگەکانی پێوەری ڕێزگرتن لە بەرامبەر بریتی بوون لە (٣٠) برگە.

راستگۆیی بونیادنان (Construct validity): توێژەر راستگۆیی بونیادنانی ئەنجامدا بۆ پێوانەی ڕێزگرتن لە بەرامبەر لە سەر نمونەی سەرەتایی خوێندکارانی وەرگیراوی قۆناغی یەکەم بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) کە ژمارەیان (١٠٠) خوێندکار بوو لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە بەشە جیاجیاکانی زانکۆی کۆیە، دواتر بە بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ پێوانەکردنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person)ی لە نێوان برگەکانی پێوانەکە بە کۆی گشتی پێوانەکە دۆزیەوە هەروەك لە خشتەی (٢ ) رونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٢) پەیوەستی هەر برگەیەکی پێوەری ڕێزگرتن لە بەرامبەر بە کۆی پێوەرەکە

| برگەکان | ب. پەیوەست | برگەکان | ب. پەیوەست | برگەکان | ب. پەیوەست | برگەکان | ب. پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | **451. | 9 | **273. | 17 | *206. | 25 | **274. |
| 2 | 195. | 10 | *224. | 18 | **375. | 26 | **266. |
| 3 | **568. | 11 | **263. | 19 | **416. | 27 | **512. |
| 4 | 152. | 12 | **363. | 20 | **307. | 28 | **338. |
| 5 | **397. | 13 | **279. | 21 | **484. | 29 | **280. |
| 6 | -0.003 | 14 | *212. | 22 | **438. | 30 | **566. |
| 7 | **369. | 15 | 132. | 23 | **544. | | |
| 8 | **502. | 16 | **452. | 24 | **276. | | |

** ٠,٠١ > P-value * ٠,٠٥ > P-value N= ١٠٠

لە ئەنجامدا دەرکەوت کە هەندێك لە برگەکانی پێوانەکە پەیوەندییەکی بە هێزیان بە نمرەی گشتی پێوانەکەوە

هەیە، بەڵام هەندێك لە برگەكان پەیوەندی لاوازیان بە نمرەی گشتی پێوانەكەوە هەبووە وەك برگەكانی (٢، ٤، ٦، ١٥)، بەهای پەیوەندیمان كەمتر بووە لە (١٩٪) پەیوەستی بەڵگەداری ئامارییان نەبوو بۆیە لە پێوانەكە لادران، بەم شێوەیەش (٢٦) برگە مایەوە.

دیاریکردنی جێگیریی (Relibility): یەكێكە لە مەرجەكانی هەرئامرازێكی زانستیی مەبەست لە جێگیریی بوونی هاوشێوە لە وەڵامەكاندا كاتێك دووبارە ئامرازەكە بە نزیكەی بەسەرهەمان كەس و لەهەمان بارودۆخدا جێبەجێدەكرێت.(عارف,١٨٤,٢٠١٨).

ڕێگەی ئەلفاكرونباخ – Coronbachs Alpha)

ڕێگەی ئەلفاكرونباخ بۆ دیاریکردنی جێگیریی ناوەكی بەكار هێنرا چونكە ئەم ڕێگەیە ئاستی گونجاوی برگەكان لە گەڵ یەكتری دەردەخات، بۆیە پێوانەكە بە سەر (١٠٠) خوێندكاری قۆناغی یەكەمی زانكۆدا وەك نمونەی سەرەتایی دابەشكرا، كە بەهای جێگیریی پێوانەكە بریتی بوولە (٠.٧٦) كە ئەمەش جێگیریەكی پەسەندە.

خشتەی ژمارە (٣) جێگیریی پێوەری ڕێزگرتن لە بەرامبەر بە ئەلفای كرۆنباخ (Cronbach's Alpha)

| ناونیشانی تەوەر | Cronbach's Alpha | ژمارەی برگە |
|---|---|---|
| ڕێزگراتن لە بەرامبەر | 0.76 | 26 |

تایبەتمەندی پێوانەكە بە شێوەی كۆتایی : پێوانەی (ڕێزگرتن لە بەرامبەر) بە شێوەی كۆتایی لە (٢٦) برگە پێك دێت بژاردەی وەڵامدانەوە لە ناوەڕۆكی برگەكان بە جۆری پێنج بژاردە دارێژراوە، واتە بۆ هەر پێنج بژاردە و وەڵام لە بەرامبەر برگەكان هەیە، كە بریتین لە (هەمیشە وام، زۆر جار وام، تا ڕادەیەك وام، زۆر جار وانیم، هەرگیز وانیم) و بەهای بژاردەكان بریتین لە (٥ – ٤ – ٣ – ٢ - ١) بە هەمان ڕێزبەندی.

پێوانەی ئاراستەی خوێندكاران سەبارەت بە وانەی گفتوگۆی ئەكادیمیی: لە بەر نەبوونی پێوانەیەكی گونجاو بە زمانی كوردی توێژەر هەستا بە ئامادەكردنی پێوانەیەك بە گۆڕاوی (ئاراستەی خوێندكاران) بۆ ئەم مەبەستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجامدرا.

--ئەنجامدانی ڕاپرسیی كراوە:- توێژەر ڕاپرسیەكی كراوەی ئەنجامدا بۆ (٦٠) خوێندكاری قۆناغی یەكەم لە ڕێكەوتی ٢١- ٢٢- ٢٣- ئایاری ٢٠٢١) بۆیە ئەو خوێندكارانەی هەڵبژارد چونكە لە قۆناغی یەكەمی زانكۆییدان و ئەو بابەتەیان لە كۆرسی یەكەمدا خوێندوە. پرسیارەكە بریتی بوو لە (بەڕای تۆ خاڵی باش و خاڵی خراب لە بابەتی گفتوگۆی ئەكادیمی چیە ؟؟) دوای كۆكردنەوەی ڕاپرسیەكە توێژەر توانی (٣٦) برگە ئامادە بكات.

--دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەت Face Validity: بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان لە بواری ڕێگاكانی وانەوتنەوە و پەروەردە و دەرونزانی , داوایان لێكرا ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە گونجاوی برگەكان و بژاردەكان دەرببڕن و هەر گۆڕانكارییەك پێیان باشە پێشنیاری بكەن ، دوای كۆكردنەوەی فۆرمەكان بە پێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو برگانە مانەوە كە ڕێژەی ڕێكەوتن لە سەر مانەوەیان (٩٥٪) یان زیاتر بوو بەم شێوەیە لە كۆی گشتی (٣٦) برگە تەنها(٣٢) برگە مایەوە، كە (٤) برگە لادران كە بریتیبوون لە برگەكانی (١٠، ٢٠، ٢٩، ٢٧) هەروەها برگەكانی تر وەك خۆیان مانەوەكە بریتیبوون لە ( ١ – ٢ – ٣ – ٤ – ٥ -٦ – ٧ -٨ – ٩– ١١ – ١٢ – ١٣ – ١٤ – ١٦ -١٧ -١٨-١٩ –٢١– ٢٢ – ٢٣ – ٢٤ –٢٥–٢٦ -٢٨– ٣٠-٣١ – ٣٢ -٣٣ - ٣٤ )، بەم جۆرەش كۆی برگەكانی پێوەری ڕێزگرتن لە بەرامبەر بریتي بوون لە (٣٢) برگە.

دیاریکردنی جێگیریی (Relibility): بەئامرازێك دەوترێت جێگر ئەگەر بۆ زیاتر لەجارێك بەسەرهەمان کۆمەڵگەدا باش کاتێکی دیاریکراو ئەنجامبدرێت و هەمان ئەنجام یان ئەنجامێکی هاوشێوە بدات بەدەستەوە.(دیاب, ٢٠٠٣,٦١)

ڕێگەی ئەلفاکرونباخ – Coronbachs Alpha)

ڕێگەی ئەلفاکرونباخ بۆ دیاریکردنی جێگیریی ناوەکی بەکار هێنرا چونکە ئەم ڕێگەیە ئاستی گونجاوی برگەکان لە گەڵ یەکتری دەردەخات، بۆیە پێوانەکە بە سەر (١٠٠) خوێندکاری قۆناغی یەکەمی زانکۆدا وەك نمونەی سەرەتایی دابەشکرا، کە بەهای جێگیریی پێوانەکە بریتی بوولە (٠,٨٢) کە ئەمەش جێگیریەکی پەسەندە.

خشتەی ژمارە (٤ ) :جێگیریی پێوەری ئاراستە لە بەرامبەر ئەلفای کرۆنباخ (Cronbach's Alpha)

| • ناونیشانی تەوەر | Cronbach's Alpha | ژمارەی برگە |
|---|---|---|
| ئاڕاستەی خوێندکاران | 0.826 | 30 |

ڕێگەی کەرتکردنی نیوەیی (Split Half Method): جێگیریی پێوانەکە بە ڕێگەی کەرتکردنی نیوەیی دەستنیشانکرا، کە یەکێکە لە ڕێگەکانی دوو کەرتکردنی پێوانە، بۆ ئەم مەبەستە پێوانەکە جێ بە جێکرا بە سەر (١٠٠) خوێندکاری قۆناغی یەکەم و لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی هەگبەی ئاماری بۆ پێوانەکردنی زانستە کۆمەلآیەتییەکان (SPSS) جێگیریی پێوانەکە دەستنیشانکرا بە (Split - Half) لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی پەیوەندی (Spearman Brown)، دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان بەشی یەکەم و بەشی دووەمی پێوانەکە بریتي بوو لە (٠,٦٨) کە ئەمەش بە جێگیریەکی بەسەند ئەژماردەکرێت وەك لە خشتەی ژمارە (٥) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٥):دوو نیوکردن (Split-Half)ی پێوەری ئاراستەی خوێندکاران

| پێوەر | ئەنجامدان | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەها پەیوەست بوون Split-Half Coefficient Guttman |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاراستەی خوێندکاران | بەشی یەکەم | 50 | 49.21 | 9.405 | 0.686 |
| | بەشی دووەم | 50 | 48.28 | 8.788 | |

تایبەتمەندی پێوانەکە بە شێوەی کۆتایی : پێوانەی (ئاڕاستەی خوێندکاران) بە شێوەی کۆتایی لە (٣٠) برگە پێك دێت بە شێوەیەکی گشتی برگەکان لای خوێندکاران ڕوون بوون و هەروەها بژاردەی وەلآمدانەوە لە ناوەڕۆکی برگەکان بە جۆری پێنج بژاردە داڕێژراوە، واتە بۆ هەر پێنج بژاردە و وەلآم لە بەرامبەر برگەکان هەیە، کە بریتین لە (زۆر لە گەڵیم، لە گەڵیم، نازانم، لە گەڵی نیم، کەم لە گەڵیم) و بەهای بژاردەکان بریتین لە (٥ – ٤ – ٣ – ٢ - ١) بە هەمان ڕیزبەندی.

## بەشی چوارەم :- خستنەڕووی دەرئەنجام و شیکردنەوەی داتاکان

هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥)بەدی ناکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزمونی یەکەم کە بە ڕێگای وتوێژی سوکراتی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی ڕێزگرتنی بەرامبەر.

توێژەر دوای بەکارهێنانی تەکنیکی ئاماری (Independent Sample T.test) تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو سامپڵی

سەربەخۆ ئەنجامدا, وەکو لە خشتەی (٣٠) دەردەکەوێت جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی گروپی ئەزموونی بریتی بوولە (١١١,٤٧) بە رێگای وتوو وێژی سوکرات وانەی پێوتراوە لە پێوەری رێزگرتن لەبەرامبەر وناوەندی ژمێرەیی گروپی کۆنترۆلکراو بریتی بوو لە(٥٦,٥٣) . ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو (٢٩,٧٦١) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی کە (٢,٠٤٨) و هەروەها (P-Value=٠,٠٠٠>٠,٠٥). هەروەها بۆدیاریکردنی قەبارەی کاریگەرییەکەی هاوکێشەی کۆهێن بەکارهێنرا بریتی بوو لە (١١,٠٧) کە بە ئاستێکی زۆر بەرز لە کاریگەری دادەنرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی نمرەکانی ئاستی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو لە پەرژەوەندی خوێندکارانی گروپی ئەزموونیدایە کە بە رێگای وتوو وێژی سوکراتیی لە بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیی وانەیان پێ دەوترێتەوە بە بەراوردکردن لەگەڵ رێگای ئاسایی کە وانەیان پێ ئەوترایەوە, لێرەدا بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەی هەردوو گروپی توێژینەوەکە دەریدەخات لە پێوەری رێزگرتن لەبەرامبەر لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونیدایە بەمەش گریمانەی سفری رەت دەکرێتەوەو گریمانەی لەجیاتی پەسەند دەکرێت کە دەڵێت (جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥)بەدی دەکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزمونی کە بە رێگای ستراتیجیەتی وتوێژی سوکراتی وانەیان پیّ دەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە رێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی رێزگرتن لە بەرامبەر). توێژەر هۆکاری کاریگەری سەرکەوتنی رێگای وتووێژی سوکرات بۆ ئەوە دەگەرێنێتەوە کە لەم رێگایەدا خوێندکاران هاندان و پاڵنەریان لادروست دەبێت و زانیاری زیاتریان دەست دەکەوێت و دەگەن بەڕاستییەکان و دەتوانن بۆچوونی خۆیان بڵێن و ڕاستییەکان بدۆزنەوەو کارکردنی چالاك وادەکات خوێندکاران زیاتر یەکتری بناسن و رێز لە یەکتری و بۆ چوونی یەکتری بگرن.

خشتەی ژمارە(٦): جیاوازی ناوەندی نمرەکانی نێوان گروپی سوکرات وگروپی کۆنترۆڵکراو لەپێوەری رێزگرتن لە بەرامبەر

| گۆڕاو | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | بەهای (t) | | بەڵگەداری ئاماری sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| گروپ ئەزموونی سوکرات لە پێوەری رێزگرتن | 15 | 111.47 | 54.93 | 3.998 | 29.761 | 2.048 | 0.000 |
| گروپ کۆنترۆڵکراو لەپێوەری رێزگرتن | 15 | 56.53 | | 5.927 | | | |

هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥)بەدی ناکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزمونی کە بە رێگای وتووێژی سوکراتی وانەیان پێ دەوترێتەوە لەگەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە رێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی ئاراستەیان بۆ بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیی.) توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ هەردوو گروپی توێژینەوەکە دەرهێنا . توێژەر دوای بەکارهێنانی تەکنیکی ئاماری (Independent Sample T.test) تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو سامپڵی سەربەخۆ ئەنجامدا, وەکو لە خشتەی (٧) دەردەکەوێت جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی گروپی ئەزموونی بریتی بوولە (١٢٦,١٣) بە رێگای وتووێژی

سوکرات وانەی پێوتراوە لە پێوەری ئاراستەیان بۆ بابەتی گفتووگۆی ئەکادیمیی وناوەندی ژمێرەیی گروپی کۆنترۆڵکراوبریتی بوو لە(٦٣,٣٣) کە بەرێگای ئاسایی وانەی پێ ئەوترایەوە. ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو (٥١,٤٣٤) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی و هەروەها (P-Value=٠,٠٠٠>٠,٠٥). هەروەها بڕی قەبارەی کاریگەرییەکەی کە بە هاوکێشەی کۆهێن دەرهێنرا بریتی بوو لە (١٩,١٦) کە بە ئاستێکی زۆر بەرز لە کاریگەری دادەنرێت,لێرەدا بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەی هەردوو گروپی توێژینەوەکە دەریدەخات لە پێوەری ئاراستەی خوێندکاران لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونیدایە ,بەمەش گریمانەی سفری رەت دەکرێتەوەو گریمانەی لەجیاتی پەسەند دەکرێت کە دەڵێت :(جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥)بەدی دەکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزمونی کە بە رێگای ستراتیجیەتی وتوێژی سوکراتی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە رێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی ئاراستەی خوێندکاران.توێژەر هۆکاری بوونی کاریگەری بۆ ئەمە دەگەڕێنێتەوە کە خوێندکاران کارلێکی ڕەفتاری و کۆمەڵایەتیان لە ئەنجامی تێبینی و تێگەشتن و بەشداریکردن و بەشداربوون لە ناوپۆلدا وایکردوە کە ئاراستەیەکی ئەرێنی دروست بکەن بەرەو بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیی و حەزوئارەزوویان هەبێت بۆ بابەتەکە لە رێگای بەکارهێنانی رێگای سوکراتیی کە تیایدا خوێندکار بەشدارە و ڕۆڵێکی باش دەبینێت.

خشتەی ژمارە(٧): جیاوازی نێوان گروپی سوکرات وگروپی کۆنترۆڵکراو لە پێوەری ئاراستەی خوێندکاران

| گۆڕاو | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | بەهای (t) | | بەڵگەداری ئاماری Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| گروپ ئەزموونی سوکرات ئاراستەی خوێندکاران | 15 | 126.13 | 62.80 | 3.944 | 51.434 | 2.048 | 0.000 |
| گروپ کۆنترۆڵکراو ئاراستەی خوێندکاران | 15 | 63.33 | | 2.610 | | | |

هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥)بەدی ناکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزمونی کە بە رێگای کێشە بنێرە وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە رێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی رێزگرتن لە بەرامبەر).

دوای بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ئەنجامەکان دەرکەوتن کە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی گروپی ئەزمونی کێشە بنێرە کە بریتی بوو لە (١٠٦,٦٠) و ناوەندی ژمێرەیی گروپی کۆنترۆڵکراوکە بریتی بوو لە (٦٥٦,٥٣) . ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو (٢٤,٨٠٨) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی و هەروەها (P-Value=٠,٠٠٠>٠,٠٥).بڕی کاریگەرییەکەی کە بە هاوکێشەی کۆهێن دەرهێنرا بریتی بوو لە (٩,٠٨) کە بە ئاستێکی زۆر بەرز لە کاریگەری دادەنرێت. لێرەدا بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەی هەردوو گروپی توێژینەوەکە دەریدەخات لە پێوەری رێزگرتن لەبەرامبەر لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونیدا بوو, بەمەش گریمانەی سفری ڕەت دەکرێتەوەو گریمانەی

لەجیاتی پەسەند دەکرێت کە دەڵێت(جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥)بەدی دەکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزمونی کە بە رێگای کێشە بنێرە وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە رێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی رێزگرتنی بەرامبەر). توێژەر هەبوونی کاریگەری دەگەرێنێتەوە بۆ ئەوەی کە گروپی ئەزمونی بەشێوەی گروپات کاریان کردوەو گیانی هاوکاری کارلێکی کۆمەڵایەتی دروست بووە لە نێوان خوێندکارانداو ئاڵ و گۆڕی زانیاری وایکردوە ئاستی مەعریفیان بەرزتر بێت بە بەراورد بە گروپی کۆنترۆڵکراودا.

خشتەی ژمارە(٨) : جیاوازی نێوان گروپ ئەزمونی بە رێگای کێشە بنێرە و گروپی کۆنترۆڵکراو لە پیوەری رێزگرتن لەبەرامبەر

| گۆڕاو | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پیوەریی | بەهای (t) دەرهێنراو | بەهای (t) خشتەیی | بەڵگەداری ئاماری sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گروپ ئەزمونی کێشەبنێرە - | 15 | 106.60 | 50.07 | 5.096 | 24.808 | 2.048 | 0.000 |
| گروپ کۆنترۆلکراو | 15 | 56.53 | | 5.927 | | | |

٤.هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥)بەدی ناکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزمونی دووەم کە بە رێگای کێشە بنێرە وانەیان پێ دەوترێتەوە لەگەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە رێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی ئاڕاستەیان بۆ بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمیی.

دوای بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ئەنجامەکان دەرکەوت کە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی گروپی کێشە بنێرە کە بریتی بوو لە (١٢٢,٣٣) وناوەندی ژمێرەیی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بریتی بوو لە (٦٣,٣٣) . ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو (٤٠,٣٦٥) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی و هەروەها (P-Value=٠,٠٠٠>٠,٠٥). هەروەها بڕی کاریگەرییەکەی کە بە هاوکێشەی کۆهێن دەرهێنرا بریتی بوو لە (١٥,٤٨) کە بە ئاستێکی زۆر بەرز لە کاریگەری دادەنرێت. لێرەدا بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەی هەردوو گروپی توێژینەوەکە دەریدەخات لە پێوەری ئاراستەی خوێندکاران لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونیدا بوو, بەمەش گریمانەی سفری رەت دەکرێتەوەو گریمانەی لەجیاتی پەسەند دەکرێت کە دەڵێت(جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠,٠٥)بەدی دەکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزمونی کە بە رێگای کێشە بنێرە وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە رێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی ئاراستەی خوێندکاران).توێژەر هەبوونی بەڵگەداری ئاماری نێوان گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی گرووپی ئەزموونی هەوڵ و ماندوو بونیان بۆ کارکردن بە گروپات بوە زیاتر هەوڵیان داوە بۆ گروپی خۆیان و پاڵنەریان لا دروست بوە بۆسەرکەوتنی گروپی لەوانەیە گیانی هاریکاری و خۆشەویستی زیاتر دروست بووە لە کاتی کارکردنی گروپی.

خشتەژمارە(٩):جیاوازی نێوان گروپی ئەزموونـدووەم بـە ڕیـگای کێشـە بنێـرە وگروپـی کۆنترۆڵکـراو لـە پێـوەری ئاراسـتەىخوێندکاران

| گۆڕاو | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | بەهای (t) | | بەڵگەداری ئاماری sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| گروپ ئەزمووني کێشە بنێرە لە ئاراستە | 15 | 122.33 | 59.00 | 5.024 | 40.365 | 2.048 | 0.000 |
| گروپ کۆنترۆلکراو | 15 | 63.33 | | 2.610 | | | |

## بەشی پێنجەم : - :ئەنجام و ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان

### ئەنجامەکان :

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە , توێژەر ئەم ئەنجامانەی بۆ دەرکەوت:-

١ - بەکارهێنـانی ڕێـگای وتووێـژی سـوکراتیی کاریگـەری هەیـە لەسـەر ڕێزگرتـن لەبەرامبـەر و ئاراسـتەی خوێنـدکاران بـەرەو بابـەتی گفتووگـۆی ئەکادیمیـی بـە بـەراوورد بـە ڕێـگای وانەوتنـەوەی ئاسـایی لـە قۆناغـی یەکەمـی خوێنـدنی زانکۆییـدا.

٢ - بەکارهێنـانی ڕێـگای کێشـە بنێـرە کاریگـەری هەیـە لەسـەر ڕێزگرتـن لەبەرامبـەر و ئاراسـتەی خوێنـدکاران بـەرەو بابـەتی گفتووگـۆی ئەکادیمیی بـە بـەراوورد بـە ڕێـگای وانەوتنـەوەی ئاسـایی لـە قۆناغـی یەکەمـی خوێنـدنی زانکۆییدا.

ڕاسپاردەکان:

پێویسـتە مامۆسـتایانی بابـەتی گفتووگـۆی ئەکادیمیـی ڕێـگای وتووێـژی سـوکراتیی بەکاربهێنـن لـە وانەوتنـەوەدا شـان بەشـانی سـتراتیژیەتەکانی تـری وانەوتنـەوە.

مامۆسـتایانی بابـەتی گفتووگـۆی ئەکادیمیـی پێویسـتە شـێوازو ڕێـگای نـوێ بگرنەبـەر لـە قۆناغـە جیـاوازەکانی خوێنـدنی زانکـۆدا وەك بەکارهێنـانی ڕێـگای کێشـە بنێـرە.

بەهەنـد وەرگرتنـی بابـەتی گفتووگـۆی ئەکادیمیی لەلایـەن مامۆسـتایانەوە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی خوێنـدکاران شـارەزایی وەرگـرن و زیاتـر فێربـن لـە چۆنیـەتی ڕێزگرتـن لەیەکـتری و ئاراسـتەیەکی ئەرێنیـان هەبێـت بـۆ بابەتەکـە.

پێشنیارەکان:

ئەنجامـدانی توێژینەوەیـەکی تـری هاوشـێوە لـە هەمـان بابـەت لـە وەرگرتنـی گـۆڕاوە دیمۆگرافیـەکان وەك ( ڕەگـەز- تەمـەن – قۆناغـەکانی تـر وەك قۆناغـی (٢ و ٣ ).

بەکارهێنانی ڕێگای وتووێژی سوکراتیی لەگەشەسەندنی جۆری تر لە بیرکردنەوە وەك بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.

بەکارهێنانی ڕێگای کێشە بنێرە لەبابەتی تر وەك (بابەتی بنەماکانی پەروەردە) لەسەر ئاستی دەستکەوتی خوێندن.

ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لە زانکۆکانی تری هەرێمی کوردستان.

## ملخص البحث باللغة العربية

يهدف هذا البحث للوصول الى معرفة أثر استراتيجية الحوار السقراطي واستراتيجية إرسال المشكلة، على الاحترام المقابل، واتجاه الطلبة نحو مادة المناقشة الأكاديمية للمرحلة الأولى من فاكلتي التربية في جامعة كويه للعام الدراسي ٢٠٢١-٢٠٢٢. ان الطريقة المستخدمة في هذه الدراسة هي الطريقة التجريبية وفقًا لطبيعة الدراسة، وتضم مجتمع الدراسة طلبة جامعة كوية والتي تضمنت حصرا عينة من طلبة قسم الجغرافيا من فاكلتي التربية - جامعة كوية، قد بلغ عددهم (٤٥) طالباً. بعد مطابقة المجموعة التجريبية والمجموعة الضابطة على عدة مستويات، تم تدريس المجموعة التجريبية الأولى بالطريقة الاستراتيجية السقراطي ، وتم تدريس المجموعة التجريبية الثانية بطريقة ارسال المشكلة، وتم تدريس المجموعة الضابطة بالطريقة العادية. أعدت الباحثة استمارة الاستبيان، حيث تم في المقياس الاول( الاحترام المقابل )والتي تكونت من (٢٦) فقرة. ثم بعد ذالك اعداد المقياس الثاني (اتجاه الطلبة نحو مادة المناقشة الأكاديمية) في عدة خطوات علمية والتي تكونت من (٣٠) فقرة. وبعد اعداد الاستمارات تم استخراج الصدق وفق اراء الخبراء، بعد ذلك تم اكتشاف عدة أنواع من الثبات للمقياسين.

بعد إعادة الاستمارات وإفراغها وتحليلها واستخدام المعادلات الإحصائية، عرضت الباحثة نتائج البحث بالطريقة الاستراتيجية السقراطية وطريقة إرسال المشكلة. وأظهرت الدراسة بوجود مستوى من الدلالة الإحصائية على كل مقياس من مقاييس الاحترام المقابل و مقياس اتجاه الطلاب نحو مادة المناقشة الأكاديمية، ثم قدمت الباحثة بعض الاستنتاجات والتوصيات والاقتراحات

## سەرچاوەکان:-

Oxford English Dictionary, ١٩٨٩; American Heritage Dictionary, ١٩٨٢.)

van Schalkwyk, Gertina J and D'Amato, Rik Carl ( ٢٠١٥ ): Facilitative Collaborative Knowledge Co-Construction , John Wiley & Sons .

-جابر,عبدالحميد واخرون، (٢٠٠٢) دراسات في العلم النفس التربوي,عالم الكتب,القاهرة,مصر.

جامل، عبدالرحمان عبدالسلام، ٢٠٠١، طرق التدريس العامة، الطبعة الثانية، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان- الأردن.

جري، خضير عباس واخرون( ٢٠١٨) طرائق التدريس العامة – مفاهيم نظرية تطبيقية دار الجامعية للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى».

الحيلة,محمد محمود(٢٠٠١) طرائق التدريس و استراتيجيات ,الامارات العربية المتحدة, دار الكتاب الجامعى.

حەسەن,عبدالله,(٢٠١٢)بنەماکانی وانەوتنەوەی سەرکەوتوو,چاپی یەکەم,سلێمانی, چاپخانەی گەنج.

حەمەدامین,رەمەزان(٢٠١٦) رێگاو شێوازە تیۆری وپراکتیکییەکانی وانەوتنەوە,چاپی یەکەم, کتێبخانەی گشتی,چاپخانەی رۆژهەلات,هەولێر.

دياب ,سهيل رزق (٢٠٠٣).مناهج البحث العلمي. غزة,فلسطين.

دەروێش,نەوزاد حسین(٢٠١٨),پێوانەوهەڵسەنگاندن لەزانستیی پەروەردەی وەرزشی,چاپی یەکەم, چاپخانەی هێڤی.

زاده,عقيل سعيد(٢٠١٠),الحوار قيمة حضارية,عمان,دارالنقاش للنشر والتوزيع.

سعادة.جودت و يوسف جمال(١٩٨٨) تدريس مفاهيم الغة العربية و الرياضيات و المواد الاجتماعية,طبعة الاولى, دارالجيل,بيروت.

سلطان,محمد(٢٠٠٣),السلوك التنظيمى,الاسكندرية,دارالجامعة الجديدة.

الشمري، ماشي بن محمد، (٢٠١١),استراتيجية في التعليم النشط، المملكة العربية السعودية، وزارة التربية والتعليم، (بنين) الشؤن التعليمية،

الصماد[illegible]ى، احمد، وصفوان حميدات ،(٢٠٠٨) ،اتجاهات طلبةالمرحلة الثانوية في محافظة اربد نحو طرائق التدريس ، مجلة جامعة دمشق ، مجمد ٢٤ ، العدد االاول

الصيفى,عاطف(٢٠٠٩),المعلم واستراتيجيات للتعليم الحديث,عمان,دار اسامة للنشر والتوزيع.

طوالبة ,هادى واخرون(٢٠١٠) طرائق التدريس,دارالمسيرة, طبعة الاولى,عمان.

عارف,كارزان(٢٠١٨)هەڵسەنگاندنی پەرتوکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە دیدی مامۆستایانەوە, گۆڤاری توێژەر,بەرگی یەکەم, ژمارە(٢),زانکۆی سۆران.

عزیز,عزالدین سەلاحەدین(٢٠١٤) بنەماکانی دەرونزانی گشتی,چاپخانەی ڕۆژهەلات,چاپی پێنجەم, هەولێر

فهروجي,نور خليفه(٢٠١٨),اثر استخدام استراتيجيه ارسل سؤال فى قدره تلاميذ على مهاره الكلام بحث تجريبى فى الصف الثانى بمدرسه مطلع الانوار المتوسطة الاسلاميه تشيجاكواليباك.

كشرود,عمار طيب(٢٠٠٧).البحث العلمى و مناهجة فى العلوم الاجتماعية والسلوكية,ط١ ,عمان-الاردن,دارالمناهج للنشروالتوزيع.

محمد، كاوه على و كريم، شيرين سعيد، المشاكلات التدريسية لمادة المناقشة الاكاديميه من وجهة نظر المدرسين في جامعة كوية، بحث منشور.